

# دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین:

## ناكرێت دادوەر بەهەر پاساوێكەوە بێت سووكایەتی بە تاوانبار بكات لە ژێر هەر ناوێكدا بێت

دیانە/نامق هەورامی

**لە پرۆسەی دادگایكردنی سەدام و سەرانی ڕژێمە لە ناوچوەكەیدا دادوەرێك جیا لەو كلتورەی كە لە داداگاكانی عێراقدا هەیە خۆی نمایش كرد، ئەو دادوەرە كوردە بوە مایەی سەرنج و قسەكردنی خەڵك لە ناوە و دەرەوەدا بەهەر دوو ئاراستەكەدا ئاراستەی یەكەم پێیان وابوو كە ناكرێت بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ گەورەترین دیكتاتۆردا بكرێت كە دەستی سورە بە خوێنی گەلانی عێراق و ئەم ئاراستەیە زۆرینەی شەقامی عێراقی گرتبووەوە بە كورد و عەرەبەوە و ئەو پەرچە كردارەی لەلایەن ئەوان دروست ببو دەكرا بە هەڵچونێكی سادە تەماشا بكرێت هەرچی ئاراستەی دووەمە ئەو پرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگایەیان بەشێوازێكی سەردەمیانە و دیموكراسیانە باسدەكرد و ئەوەیان بە حاڵەتێكی پۆزەتیف ناساند. لە دیمانەیەكدا لەگەڵ بەڕێز دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین دا ویستمان ئەزموونی خۆی لەو دادگایكردنەدا باس بكات بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بكات و ئەوەشی ڕاگەیاند كە بۆ هیچ كەناڵێكی ڕاگەیاندن قسەی نەكردووە لەو مەسەلەیەدا و هەندێك مەسەلەی دادگا و دادوەری بوونە كەرەسەی ئەم دیمانەیە:**

*** ڕەنگە خەڵكی تەنیا وەك ناوو ڕوخسار جەنابتان بناسن پێمان خۆشە لە دەمی خۆتەوە خۆت بە خەڵكی بناسێنی؟**

– ڕزگار محەمەد ئەمین ساڵی ١٩٥٧لە گەڕەكی سابونكەرانی سلێمانی لە باوكێكی جافی شارەزوری و دایكێكی كۆیی هاتومەتە دنیا..

تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی لە زێیدی بابم لە شارەزوری سەر بە هەڵەبجە خوێندوە، ساڵەكانی تری سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیم لە سلێمانی خوێندوە، كۆلێژی یاسام لە بەغدا تەواو كردووە، مەعهەدی قەزایم هەر لەبەغدا خوێندوە، چەندین خولی دادوەریم لە ئەوروپا دیوە..





*** با لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە بچینە نێوباسەکەمان پێتان باشە؟**

– لە ڕاستیدا ڕامگەیاندوە لەسەر دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا قسە ناکەم، چونکە دادگاییەکە بەردەوامە و ناکرێت من ئێستا لەوێ نەماوم قسە لەسەر ئەو دادگایە بکەم کە تائێستاش بەردەوامە.

بەڵام لەسەر یاسا و داوەری دەکرێت وەک بنەمایەکی یاسایی قسە بکەین، بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی هوشیاری و مەدەنیەتی کۆمەڵگە پێویستە ڕێزی یاسا و دادگا بگیرێت، ئەو ڕێزەش لە دادەوەرەوە دەست پێدەکات.

دەسەڵاتی قەزایی لە کوردستان لە ساڵی١٩٩٣وە لەگەڵ دروستبوونی یەکەم حکوومەتی کوردی، ئەو یاسایەی کە تایبەت بوو بە دادوەری ناوی نرا (دەسەڵاتی دادوەری) کە پێشتر لە یاساکانی عێراقدا ناوی (ڕێکخستنی دادوەری) بوو لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی دادوەری وەکو یاسا لە دوای دروستبوونی حکوومەتی عێراقییەوە چەند قۆناغێکی بڕی تا لە ساڵانی شەستەکاندا بڕیارێک دەرچوو بە ناوی (دەسەڵاتی یاسایی)، لە ساڵی ١٩٧٩ئەو یاسایەش گۆڕدرا و ناوەکەی بوبە(ڕێکخستنی قەزایی).

یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا جێبەجێکردنی پێویستە و لەوەش گرنگتر پێویستە دەسەڵاتەکان جیا بکرێنەوە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕاوەستانی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر پێی خۆی بنەمایەکی سەرەکی و فاکتەرێکی بەهێزی سەرکەوتنی کوردستان دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە بەبێ چەسپاندنی یاسا و سەربەخۆیی دادگا ئەو کارە سەرکەوتوو نابێت.

دەقی نووسراوی یاسایی تەنیا لە نێو دادگاکاندا ڕۆحی بە بەردا دەکرێت، بۆیە پێویستە داداگاکانی خۆمان ببنە پەرستگای پاراستنی مافی مرۆڤ.

کاتێک کەسێک ڕوو دەکاتە دادگا و لەبەردەم دادوەردا دەوەستێت، ئەوکاتە دادوەر دەبێت بە پشتبەستن بە دەقە نوسراوەکانی یاساوە بەوپێژادنێکی مرۆڤانەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا بکات و دەبێت ئەو کەلتورە دروست بکەین کاتێک کەسێک بانگ دەکرێتە بەردەم دادگا بە ئارامییەوە بڕوات نەک بە ترسەوە، دەبێت ئەگەر کەسی بانگکراو چوبە دادگا هەست بە ئارامی بکات نەک توشی ترس و دڵەڕاوکێ ببێت.

بۆ ئەمەش پێویستە چاکسازی لە یاساکان بکرێت و لە ڕووی پراکتیکییەوە و وەک دەبینین تا ئێستا تێکەڵاوییەک لە نێوان وەزارەتی داد و دەسەڵاتی دادوەریدا هەیە و بودجەی دادگاکان سەر بە وەزارەتی دادە و کە دەبوایە سەربەخۆ بوایە.

لە ئەمەریکا چەندین ساڵ ململانێ ئەوجا توانرا دادگا سەربەخۆیی وەرگرێت و لە دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزییەوە جیا بکرێتەوە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە دژی یەکترن بەڵکو بۆ جوانتر کردنی سیستمی دەوڵەتە.

لێرەدا دەبێت دادوەر ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و ڕێگە نەدات و دەسەڵاتی جێبەجێکاری نەهێنێتە نێو دەسەڵاتی دادوەرییەوە بۆ مجامەلاتی تایبەتی و دەبێت ڕاگەیاندنیش چاودێر بێت بۆ ئەو حاڵەتانە.

*** دەسەڵاتی دادوەری بە چ جۆرێک بەڕێوەبچێت؟**

– ڕەنگە بەم دانیشتنە نەتوانرێت ئەو باسە بوروژێنین، چونکە ئەوەش لایەنێکی گرنگی نێو کۆمەڵگەی کوردییەو دەکرێت بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی قەزا ئەو شتە جوانتر بکەین.

ئاستی زانستی دادوەران پێوانەی سەرەکی ئەم جوانکارییە، دادوەر لە هۆڵی دادگادا دەبێت لایەنی یاسایی بکاتە پێوەر لەگەڵ کەسی بانگکراو بۆ دادگا و هیچ شتێکی تر لەبەرچاو نەگرێت، نابێت دادوەر جگە لە ئەرکی یاسایی خۆی نابێت خۆی لە هیچ ئاستێکی باڵادا ببینێتەوە و خەڵکیش لە خوار خۆیەوە ئەگەر ئەو کەسە تاوانباریش بێت و دەبێت وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە هەموومان مرۆڤین و ئەوەی لە نێوانی کەسی بانگکراو دادوەردا هەیە تەنیا پەیوەندی یاساییە و هیچی تر.

مافی مرۆڤ پێویستە لە ناودادگا و دادوەرەوە فێری ڕێزگرتنی بەرامبەر و یەکتر قبوڵ بکەین، نەک بە پێچەوانەوە ئێمە کە فوکولی خەڵک بگوازینەوە نێو هۆڵی دادگاکان ڕێڕەوی یاسا بگۆڕین، کاری دادوەر کارێکی یاسایی و مرۆڤانە و ئەخلاقییە و لە هەمان کاتدا ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیشە لە کوردستاندا یەکگرتنەوەی ئیدارەکان زەمینە دەرەخسێنێ بۆ بونی دادگایەکی چالاک و سەربەخۆ کە ئەنجومەنی دادوەری کاراتر بێت و پێویستە لە کوردستاندا یەک دادگای تەمیز هەبێت، کە بەداخەوە ئێستا ئەو دوو دادگایەی هەرێم کە بوەتە هۆی لەتکردنی فکری قەزایی لە کوردستاندا.

پێویستە کادرانی قەزایی ڕابهێنرێت کە ڕەوشتی بەرزی دادوەرییەوە کاربکەن و پێوەرەکانی عەدالەتی نێودەوڵەتی وەک پەرنسیب کاری پێبکرێت.

بەپێی ئەو پێوەرانە ڕێگە بە خەڵک دەدرێت لە ناو دادگادا قسە بکات و پارێزەری هەبێت و ماوەی پێبدرێت داکۆکی لە خۆی بکات و کەرامەتی پارێزراو بێت.

هیچ جۆرێکی گوشار ئەگەر دەروونی یان جەستەیی بێت ڕەد دەکرێتەوە و نابێت ڕێگە لە ئازادی خەڵک بگیرێت ئەگەر تاوانباریش بێت.

دادوەر هەڵە بکات لە ئازادکردنی خەڵک باشترە لەوەی بەهەڵە حوکمی کەسێک بدرێت.

هەزار تاوانبار ئازاد بکرێن باشترە لەوەی یەک کەس بەبێ تاوان بەند بکرێت و سزابدرێت بە شێوەی نایاسایی.

ئەگەر کەسێک بانگکرایە دادگا دەبێت بە وردی لەگەڵیدا قسە بکرێت و ئەگەر دەرکەوت تاوانباریشە نابێت سەرکۆنە بکرێت چونکە ئەگەر تاوانبار بوو ئەوا یاسا سزای بۆ دیاری دەکات ئیدی جگە لە سزای یاسایی نابێت کەس ئیهانە بکرێت یان لێبدرێت.

دادوەر پێویستە لەوە بگات پەیوەندی نێوان ئەو و داواکار و شکات لێکراو شایەدەکان پەیوەندی یاساییەو ئەگەر لەو ڕاستییە تێگەشت ئەوا سنووری خۆشی دەزانێت.